# چۆن منداڵەکانمان پەروەردە دەکەیین لەسەر خۆشەویستی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم؟

[ كردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی: پشتیوان سابیر عەزیز

٢٠٠٩ - ١٤٣٠

islamhouse.com

# ( كيف نربي أولادنا على حب الرسول صلى الله عليه وسلم ؟)

« باللغة الكوردية »

بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# چۆن منداڵەکانمان پەروەردە دەکەیین لەسەر خۆشەویستی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم؟

باوکان و دایکانی بەڕێز: السلام علیکم ورحمة الله وبرکاته

زۆر پێویستەئێمەی موسڵمان خۆشەویستی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی(صلی الله علیه وسلم) بخەینەناو دڵی منداڵەکانمانەوە۔ بێ گومان ئەبێت پێش هەموو کەسێك ئەو خۆشەویستیەچەسپاوبێت لەناخ و دەرونماندا ۔، بۆ ئەوەی لەسەر ئەو خۆشەویستیەگەورەببن و ببێتەقەڵایێکی پۆڵایین و چرایێکی روناکەر بۆیان لەژیانیاندا.

بۆ ئەو مەبەستەفەرموون لەگەڵ ئەم چەند خاڵە، کەوا دەبێت ڕەچاوبکرێت لەکاتی ناساندنی پێغەمبەری خۆشەویستمان(صلی اللهعلیەوسلم) بۆ منداڵەکانمان:

یەکەم: بایەخ پێدان بەروونکردنەوەی کەسایەتی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) هەر چۆن قورئانی پیرۆز روونی کردوەتەوەلەم ئایەتەدا، خوای گەورەدەفەرموێت:{ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَـٰكَ شَـٰهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا } (الأحزاب:٤٥) ،

واتە: ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئێمەتۆمان ڕەوانەکردووەکەشایەت بیت (بەسەر ئومەتی ئیسلامەوەکەپەیامی خوات پێ ڕاگەیاندوون) وەمژدەبەخشیت (بەئیمانداران بەوەی کەڕەزامەندی خواو بەهەشتی بەرین چاوەڕێیانە) وە ترسێنەریشیت (بێ باوەڕان دەترسێنیت لەخەشم و قینی خواو دۆزەخ).

دووەم: ناساندنی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) وەکو قدوەیەك بۆ هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێت سەرفراز وسەرکەوتوو بن لەدونیا ودوارۆژدا.

سێهەم: پێویستەوەڵامی ئەم پرسیارەبدرێتەوەکەلەلایەن منداڵکانمانەوە دەکرێت: بۆچی دەبێت ئێمەپێغەمبەری خوامان(صلی الله علیه وسلم) خۆش بوێیت؟

دەبێت بەشێوەیەکی ژیرانەبگەیینەعەقڵەکانیان وقەناعەتیان پێ بکەین کەوا هەموو مرۆڤێکی ژیر ودانا وچاك وئیماندار وزیرەك هەیە،دەبێت پێغەمبەری خوایان(صلی الله علیه وسلم) خۆش بوێت؛ چونکەپێغەمبەری هەموو مرۆڤایەتیە، کەبوەتەهۆی هیدایەتدانی جیهانیان بۆ سەر ڕێگەی ڕاستی و روناکی وئیمان هێنان بەخوای گەورە.

چوارەم: دڵنیا کردنەوەیان لەسەر فەزائیلی پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) وپلەوپایەی لەلای پەروەردگاری وپلەوپایەی لەنێوان پێغەمبەران ـ علیهم الصلاة والسلام ـ وفەزلی لەرۆژی قیامەتدا وپلەوپایەی شەفاعەتەکەی وجێگای لەبەهەشدا.

پێنجەم: روونکردنەوەی مزگێنی پێغەمبەرانی پێشتر بەپێغەمبەری خوا (صلی اللهعلیهوسلم) وخۆشەویستیان بۆی وپێشوازی لێ کردنی لەسەفەری ئیسرا ومیعراجدا.

شەشەم: دڵنیاکردنەوە لەسەر مانای شوێنکەوتنی سوننەتەکانی پێغەمبەری خوا (صلی اللهعلیهوسلم) بەشێوازێکی سووك وئاسان.

وەئەمە چەند هۆکارێکەبۆ چۆنیەتی چەسپاندنی خۆشەویستی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەدڵ ودەرونی منداڵەکانمان:

یەکەم: باسکردنی موعجیزاتەکانی پێغەمبەر (صلی اللهعلیهوسلم) بۆ منداڵەکانمان .

دوەم: باسکردنی ڕەوشتیبەرزی پێغەمبەر (صلی اللهعلیهوسلم) وسەرخستنی بۆ ستەم لێکراوان وسۆزو بەزەیی بەرامبەر هەژاراندا...

سێیەم: ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی خۆشەویستنی هاوڵانی ـ ڕەزای خوای گەورەیان لێبێت ـ ، وەئامادەبوونیان لەپێناویدا خۆیان و ماڵ ومنداڵیان بەخت بکەن.

چوارەم: هاندانیان بۆ لەبەرکردنی فەرمودەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وفێرکردنیان بۆ جێبەجێ کردنی سوننەتەکانی.

پێنجەم: دەبێت دایك باوك بەکرداری بسەلمێنن کەوا سەرمەشقێکی چاکن بۆ منداڵەکانیان لەبواری جێبەجێ کردنی سوننەتەکانی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) .

لەکۆتاییدا داواکارم لەخوای گەورەیارمەتی هەموو لایەکمان بدات بۆ جێبەجێ کردنی سوننەتەکانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) وبتوانین منداڵەکانمان بەجوانترین شێوەپەروەردەبکەین و خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەکەی (صلى اللهعليهوسلم) وپاشان موسڵمانان بچەسپێنین لەناو دڵیاندا.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين